# دەسەلاتی سەرپەراندن!

**سەرکەش**

ئوپسال/ سوید



a_sarkash@hotmail.com

**سوتاندنی سەفارەتخانەی سوید و دانمارک وەلامێکی وەحشیگەرانە بوو بەرامبەر بەکۆمەلگای شارستان، بەرامبەر بەهونەر، بیروبۆچوونی جودا، ئایدیای نوێ، تەواوی ئازادییەکان!**

**ئەم وەلامە مێتۆدوێکی بەربەیانە بوو، زەلیلی مرۆڤەکان و بیرکولی و گیرۆدەیی وبەستەلەکی ئەقل ومەنتقی ئەوانی دەسەلماند.**

**ئەم وەلامە تابلۆی تاریک و نوتەکی حەرامی وێنا دەکردەوە، حەرام بوونی قسە، پرسیار، قەلەم، نووسین، هونەر، موسقا، گۆرانی، ڕەشبەلەک، گفتوگۆ، زانین، چاپ بلاوکردنەوە، حەرام و حەرام بوونی هەموو شتێکی جوان نوێ و جودا، حەرام بوونی ژیان و زیندەگی. ئەو حەرام بوونەی لە دژی ڕۆمانی ئایاتی شەیتانی سەلمان ڕوشدی، بە فەتوا دۆزەخییەکەی شەییتانی سەردەم ئایەتولاخومێنی هەراو هۆریایەکی کرچ و کال و بێ مانای نایەوە.**

**ئەمە دیسان هەمان ئایدیای کۆنەپەرستانەی ئایینە سەری لەگۆڕخانە دەرهێناوە دەیهەوێ دەنگێکی ناشارستانییانە بە ڕووی دونیای پێشکەوتوو مۆدێرن بەرز کاتەوە.**

**دیرۆک پراوپرە لەچیرۆک وبەسەرهاتی جەنگ وشەڕە پیرۆزەکان، ئەو جەنگ وشەڕە خوێناویانەی بەناوی خوداو پیرۆزی ئایینەکان، حەققانییەتی کتابە ئاسمانییەکان ڕەوایی بە هەموو ناڕەواییەک دەدا.**

**جەنگ وشەڕە پیرۆزەکان جەنگێک بوون بەهەموو پێوانەیەکی مۆدێرن و شارستانی ئەمڕۆ، ئەوپەڕی دووڕندەی و بەربەریانە.**

**ئەوسا ئەقلیەتی شمشێر و سەرپەڕاندن فرمانڕەوابوو ، ئەوسا ئەقلییەتی بەتالان بردنی ژن و مندال، داهات و مالات، گەنجینە و زێدو نیشتمان دەسەلات بەدەست بوو . ئەوسەردەم سەردەمی ئیمپریاتۆریای ئاین و خوداکان بوو. بەناوی خوداو ئایین، ئەنفال، فتوحات، غەزا، شەهادەت، بەهەشت، حۆری، فەرهەنگی زال بوو.**

**تۆبلێی ئەم ئەقلییەتە پرتوکاوەی شمشێر و سەرپەڕاندن، ئەقلییەتی ئەنفال و تالان و تیرۆر، ئەقلییەتی فتوحات بتوانێ بەربەهەتاوی زێرکفتی وریا بوونەوەو پێشڤەچوون بگرێ.**

**جارێکی تر موسلمان وغەیرە موسلمان، کرستیان وغەیرە کرستیان، جولەکەو غەیرە جولەکە بکەونە دروێنەی گیانی یەکتری وخوێنی یەکتر حەلال بکەن و دەرگاکانی دۆزەخێکی تر بە ڕووی مرۆڤایەتی بخەنە سەر پشت.**

10-02-2006